Eskilstuna kommun

لیژنەی فێرکردنو- منداڵان
کارگێری فێرکردنو- منداڵان

016-710 10 00



# دەستمزی باخچەی ساوایانت بە ڕاستودروست داوە؟

هەموو پایزێك شارەوانی ئیسکیلستوینە کۆنترۆڵی دەستمزی باخچەی ساوایان لەگەڵ ئەوخێزانانەدا دەکات کە منداڵانیان هەیە لە باخچەی ساوایان. ئەو زانیارانەی کە خێزانەکان سەبارەت بە داهاتی ئیکۆنومی ساڵی پێشوو داویانەتە ئێمە بەراوردی دەکەین لەگەڵ داهاتی باج لەسەری هەنوکەیی لەڕێگای دەزگای باجی دەوڵەتی‌یەوە.

دایکوباووکان بەرپرسیارن لە ڕاگەیاندنی ئەو داهاتی باج لەسەرداوە کە هەیانەو ڕاگەیاندنی هەر گۆڕانکاری‌یەك کە لە داهاتەکەیاندا ڕوودەدات. لەڕێگای ئەو کۆنترۆڵەوە کەدەیکەین ئەمانەوێت دەستمزی ڕاستو دروست بدرێت. ئەمە کارێکی دادوەرانەو دڵنیایانەیە بۆ خێزانەکان تاوەکو بەیەکەسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ دانی پارەوپول بەگوێرەی پێوەری دەوڵەتی. هەروەکو چۆن گرنگە کە جارێکی تر داوا بکرێتەوە.

## کۆنترۆڵەکە لە پایزدا ئەنجام دەدرێت

ئەگەر کۆنترۆڵەکە دەریخست کە تۆ هەڵەت کردووە لە دانی پارەوپولی باخچەی ساوایان ئەو کات ئەوپارەوپولە ڕێکدەخرێتەوە. ئەگەر پارەوپولی کەمت داییت ئەوکات فاتورەیەکت بۆ دەنێردرێتو لە ماوەی ۳۰ ڕۆژدا دەبێت بیدەیت. ئەگەر پارەوپولی زیادت داییت ئەوا بەزوترین کات بۆت دەگەڕێتەوە.

کۆنترۆڵەکەمان دوو ساڵ لەمەوبەر دەگرێتەوە چونکە هێشتا دەزگای باجی دەوڵەتی فریا نەکەوتووە داهاتی ساڵی پێشوو تۆمار بکات.

**ئەگەر پرسیارێکت هەیە پەیوەندی بکە بە بەشی کارگێری منداڵو - قوتابیان بە ژمارە تەلەفۆنی 00 10 710-016 وەیاخود بە پۆستی ئەلکترۆنی** eskilstunadirekt@eskilstuna.se